پەیامی قیبلە

ڕۆشنبیری گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

زنجیرەی
٢٩

پەیامی خواناسی



# مسوڵمان بونی ئینگلیزێک و ڕۆشتنی بۆ قەڵادزێ

د.عومەر عەلی

٢٠١٩

زنجیره (٢٩)

# مسوڵمان بونی ئینگلیزێک و ڕۆشتنی بۆ قەڵادزێ

# پەیامی خواناسی

د. عومەر عەلی

٢٠١٩

پەیامی قیبلە
رۆشنبیریی گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان


ناوی کتیب: مسوڵمان بونی ئینگلیزێك و رۆشتنی بۆ قەڵادزێ

نوسەر: عومەر عەلی

دیزاینی ناوەوەو بەرگ: توانا ئەحمەد

چاپخانە:

تیراژ:

نرخ:

ژمارە (        )ی ساڵی (        )ی
لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحيم

لـە مەراسـیمی کردنـەوەی مزگـەوت بویـن، قەرەباڵغـی دروسـت بـو، لـە دەرەوە سـەیارەی زۆر ڕاگیرابـو، جێگـەی تێبینـی بـو، ئینگلیزێـك خـۆی کـرد بـە ژوردا، کوڕێکـی باڵا بـەرزی سـورو سـپی و چـاو سـەوز، پرسـیاری کردبـو لەسـەر ئیسـلام، ئەوانیـش وتبویـان بچـۆ بـۆلای عومـەر عەلـی، ئـەو هـەم شـەرع و هەمیـش ئینگلیـزی دەزانێـت، بـە گەرمـی تەوقەمـان کـرد، بـو بـە هاوڕێـم و زۆرکات پێکـەوە دادەنیشـتین و باسوخواسـتمان دەکـرد، دەمبـردەوە بـۆ مـاڵ و بـە سـەیارە پێکـەوە دەچویـن بـۆ ئەمـلاولا، وەك کـورد بێـت وای لێهـات لەگەڵـم.

بونـی خـوا لـە ژیانـی هەرکەسـێکدا گەورەتریـن فەراغـەو دەبێـت پڕبکرێتـەوە، ڕێـك وەك ئـاو وایـە، جـا هەیـە کـە تینـوی بـو ئـاوی پاکـی لەسـەرچاوەوە دەسـت دەکەوێـت و دەیخـوات و تینـوی دەشـکێنێت، هەشـە دەسـتی ناکەوێـت و بـە چەندیـن جـۆر هەڵـی دەخەڵەتێنـن، کـە دەیخـوات لەبـری ئـەوەی تینـوی بشـکێت کەچـی توشـی نەخۆشیشـی دەکات، برادەرێکـم لـە کۆمپانیایـەك کار دەکات لـە سلێمانی، جیهازێکیـان پێیـە زۆرجـار ئـاوی بـە حسـاب زۆرپاکیـش دەدات لـە جیهازەکـە کەچـی

دەبینێـت ئاوەکـە پیسـە، مـن بەچـاوی خـۆم دیتـم گلاسـێك ئـاو کـە ئـەو جیهـازەی تێکـرد پـاش کەمێـك ئاوەکـە بـو بـە خلّتـەو خـەواڵ و چڵکاو سـەر گلاسـەکەی گـرت، کـە سـەیرم دەکـرد رشـانەوەم دەهـات، پێـش ئـەو جیهـازەش هـەر هەمـان ئـاو هەڵـم دەقوڕانـدو دەمگـوت جیهـاز هەمـوی هـەر درۆیـە.

زۆرکـەس لـە ژیانیـدا بـە حسـابی خـۆی خـوا دەناسـێت، مـن ئـەو جیهازەی لـێ دەدەم سـەیر دەکـەم پـاش کەمێـك وەك ئاوەکـە رشـانەوەت دێـت، چـون، چڵکاوەکـە بـە ئاشـکرا دیـارە.

منـداڵ بـوم ژیاننامـەی پێغەمبـەری مەزنـم خوێنـدەوە، کـە باسـی کافرەکانـی قورەیشـی دەکـرد بتیـان پەرسـتوە! بەلامـەوە سـەیر بـو باوەڕم نەدەکـرد، چـۆن دەکرێـت مـرۆڤ بـەم ژیریـەوە داروبەردێـك دابنێـت و بـە گـەورەی بزانێـت، هەتـا بـا بـاوەڕی بـە خـوای راسـتەقینەش هەبێـت، بـەڵام ئـەم بتانـە هیـچ مانایەکـی نـی یـە.

دواتـر رۆشـتمە لای مـەلاو مامۆسـتای زۆر بەڕێـز ئەوانیـش پشتڕاسـتیان کـردەوە، وتیـان بەڵـێ وابـوەو شـتی وا مومکینـە!

نەخێـر مـن هـەر ئەقڵـم نەیدەبـڕی، ئاخر شـتەکە مەنتیقـی نی یە! گەشـتمە بەریتانیـا بەحسـاب دەبێـت ئیتـر لێـرە هـەر حسـاب بـۆ خـواش نەکـەن و دونیـای تەکنەلۆژیایـە! ئەڵبـەت وەك هەندێـك بەڵگـەی سەرلێشـێوای وای بـۆ دەچـن.

دەمبینـی خوایـە گیـان خـۆ ئەوەتـا ئێـرە پـڕە لـە بـت پەرسـت، دار، بـەرد، مانـگا، مشـك، ئـەی خوایـە گیـان تـۆ بڵێـی مـن بـە هەڵـە بـۆ وڵاتێکـی تـر نەهاتبـم، ئەمـە خـەوە یـان راسـتیە!

مامۆسـتایەك وتـی نەچیـت بـۆ کەنیسـەو مەعبـەدەکان گوناحـە، وتـم سـوێند بەخـوا دەبێـت دانـە دانـە بچـم بـۆ هـەر هەمـوی، بەچـاوی خـۆم

ببینم و قسەشیان لەگەڵ بکەم.
ڕۆشتم بۆ کەنیسەیەك لە لەندەن، پێش وتار هەندێك گفتوگۆم كرد لەگەڵ قەشەكەو چەند كەسێكدا، هەروا بەدەم پسكیت و شەربەتەوە باسی دینمان كرد، قەشەكە وتی: دواتر قسە دەكەین! كاتی وتاری هات، بە دەنگی بەرز ناوی منی خوێندەوە كە هاتوم ببم بە مەسیحی، هەمویان پیربون، تەنها من گەنج بوم، قەشەكەش گەنج بو، كە ناوی خوێندمەوە هەموی بەخۆشحاڵیەوە سەیریان كردم، دوای وتارەكە هەمویان بە گەرمی هاتن بۆلام، وتیان: خۆشحاڵین كە تۆ هاتوین ببیت بە مەسیحی!
منیش وتم: دیارە هەڵە تێگەشتنێك هەیە! وتیان: چی؟ وتم: من هاتوم ئێوە بكەم بە مسوڵمان!
یان ئەوەتا ئێوە قەناعەت بە من بكەن یان من قەناعەت بە ئێوە دەكەم! من لەو جۆرە كەسانە نیم بە پسكیت و شەربەت ببم بە مەسیحی، ئەسڵەن مەزەی چەندەها مەشروب خۆریشم خواردوەو تا ئێستە دەمم لە مەشروب نەداوە!
كەوتینە قسە، كە باسی خوایان بۆ دەكردم ٣ خوایان پێ دەناساندم، لە هەمان كاتدا دەیانگوت: مەسیح كوڕی خوایە وە هەمیش خوایە!
منیش وتم: ئێوە سەرتان لەمن شێواند، ئێستە عیسا خوایە؟ یان كوڕی خوایە؟ نابێت دو پۆستی هەبێت!
ئەگەر خوایە نابێت كوڕی هەبێت، ئەگەر كوڕی خواش بێت نابێت خواش بێت!
دواتر بەو ئاراستەدا بردیان كە كوڕی خوایە!
وتم: باشە كە كوڕی خوایە كەوابێت خوا كوڕی هەیە!
وتیان: دەی بەڵێ ئەوەتا مەسیح كوڕی خوایە!

وتم: کەوابێت خوا حەزی لە کوڕە، چون ئەوەتا کوڕێکی هەیە؟
پێیـان خـۆش بـو، وەك بڵێـی نزیکم لـە قەناعـەت کردنـەوە، وتیـان: بەڵـێ ئافەریـن چاکـت وت، خـوا کـوڕی هەیـەو عیسـا کـوڕی خوایـە.
وتـم: باشـە کـە خـوا کـوڕی هەیـەو حـەزی لـە کـوڕە بـۆ تەنها هـەر یـەك کـوڕی هەیـە، خـۆ ئەوەتـا مرۆڤـی وا هەیـە دەیـان کـوڕی هەیـە، ئـێ مەعقولـە خـوا بـە قـەدەر سۆماڵیەکی لـێ نەیـەت لـە دیجیبوتیـدا دەژی و نـان نـی یـە بیخـوات ١٥ کـوڕی هەیـە!
بـۆم دەرکـەوت هەمویـان لـە بـێ ئیشـیداو بـۆ پسـکیت خـواردن هاتـون بـە کورتیەکـەی.
مـن نەبـوم بـە مەسـیحی و ئەوانیـش هەمویـان کەوتنـە گومانـەوە لـە خواکەیـان و جەلسـە کۆتایـی پێهـات.
===
لـە زانکـۆ مادەیەکمـان هەبـو بەنـاوی بەراوردکردنـی دینـەکان (مقارنـة الأديـان)، خۆشـم زۆرم خوێندوەتـەوە لەسـەریان، جگـە لـە تێکەڵـی واقعی و رۆشـتن بـۆ مەعبەدەکانیـان، حیـوارم لەگـەڵ کـردون لەسـەر خواناسـی.
رۆژێـك تـا ئیـوارە لەگـەڵ ئافرەتێکـی بـوزی کارمـان پێکـەوە دەکـرد، دوای یەکترناسـین،هاتینە سـەر باسـی دیـن، وتـم: تـۆ چ دینێکـت هەیـە؟
بوزی: من بوزیم.
عومەر عەلی: چەند خواتان هەیە؟
بوزی: خواکان زۆرن، چۆن بتوانم ژمارەیان بکەم!
عومەر عەلی: باشە خۆت لەماڵەوە چەند خوات هەیە؟
بـوزی: کەوتـە خەیاڵـەوە وا دەهاتـە پێـش چـاوم وەك بڵێـی دانەیـەك لـە کارتۆنەکەدایـە، دانەیـەك لەبـان تەلەفزیۆنەکـە، دانەیـەك بـە ئەمانـەت بردویانـە هێشـتا نەیـان هێناوەتـەوە، دانەیـەك بەدەسـتی منداڵەکانـەوە

بـو ئەگـەر ون نەبوبێـت ئـەوەش حسـاب بکـەم، دواتـر وتـی زۆرە بزەبـت نازانـم چەنـدە!
عومەر عەلی: ئەم هەمود خوایە تۆ لە کوێ دەیهێنیت؟
بـوزی: سـاڵانە دەچـم بـۆ تایلەنـد، لـەوێ پـڕی جامتایـەك خـوا دەکـڕم، ئەنـواع و ئەشـکاڵ، هەتـا بەشـی هاوڕێکانیشـم دەهێنـم.
عومـەر عەلـی: باشـە گرانـی و هەرزانـی چۆنـە لـە تایلەنـد؟ دیـارە لـەوێ سـعرەکان موناسـبە، پێـم وابێـت بەریتانیـا زۆر گرانجانـن، قازانـج زۆر دەخەنـە سـەر خـواکان!
بـوزی: بەڵـێ لێـرە گرانـە، لـەوێ هەرزانـە، جێگـە بـۆ جێگـەش جیـاوازی هەیـە، جگـە لەوانـەش ئیتـر دەکەوێتـە سـەر ئـەو مـادەش کـە خواکـەی لـێ دروسـتکراوە، ئەگـەر خوایـەك لـە ئاڵتـون یـان زیـو بێـت، فەرقـی هەیـە لەگـەڵ خوایـەك کـە لـە بـەردو دارو قـوڕ بێـت، کوالەتیەکانیشـی هـەر فـەرق دەکات.
عومـەر عەلـی: دەی باشـە سبەی خوایەکـی خۆتـم بـۆ بهێنـە، حـەز دەکـەم خوایەکم هەبێـت و بـە دەسـتمەوە بێـت، هـەر ئیشـم پێـی بـو رێـك پێـی بڵێـم!
بوزی: بەڵێن بێت سبەی خوایەکی خۆمت بە دیاری بۆ بهێنم!
رۆژی دواتر..
بـوزی: ببورە سـەیرم کـرد هەمـو خـواکان لـەو خوایـە زۆر باشـانە بـو، کـە پێـم خـۆش نـی یـە لەناویـان بـدەم، هەمویـم بـۆ خـۆم دانـاوە!
عومـەر عەلـی: تـۆ بەڵێنـت بەمنـدا، کەواتـە تـۆ درۆت لەگـەڵ مـن کـردا! لـە دینەکـەی ئێـوەدا بەڵێـن و درۆ هـەروا ئاسـانە.
بوزی: ئە، ها، نازانم، ئم، دەی باشە سبەی بۆتی دەهێنم.
رۆژی دواتر...

بـوزی: فەرمـو ئـەوە خواکەمـە پێشکەشـت بێـت، بـەڵام یـەك داواکاریـم لێـت هەیـە مەیخـە باخەڵکـی دوای پانتۆڵەکەتـەوە، نـەوەك نەزانیـت و لەسـەری دابنیشـیت، ئـەوە بـێ ڕێزیـە بـۆ خواکەمـان، بیخـە باخەڵکـی پێشـەوە.

عومـەر عەلـی: کردمـەوە لەنـاو قەباغێکـی وەك ئـەو قەباغانـەی کـە حەلقـەی ئاڵتونـی تـێ دەکـەن بەرگـی سـەرەوەی پلاسـتیکی ئـاوی بـو دیاربـو تێیـدا، هەیکەلێکـی لـە شـێوەی ئافرەتێـك بـە دانیشـتنەوە، وتـم باشـە ئەمـە زۆر لاوازە تۆزێـك دەسـتی لـێ تونـد بکـەم دەشـکێت!

بـوزی: نانـا نەکەیـت دەسـتی لـێ تونـد مەکـە، بـەم شـێوە سـەیری مەکـە، ئەسـڵەن مـن بـۆ تـۆ نەبوایـە نەمـدەدا لـە ڕاسـتیدا، جگـە لـەوە ئەگـەر لـە تایلەنـد لـەم خوایانـە بشـکێنیت پۆلیـس دەتگرێـت!

عومـەر عەلـی: باشـە خوایـەك نەتوانێـت بەرگـری بـکات لـە خـۆی، چـۆن هیچـی بـۆ تـۆ پێدەکرێـت؟

بـوزی: مـن نازانـم زۆرینـەی پرسـیارەکانی تـۆ لای مـن وەڵامـی نـی یـە، ئیتـر مـن وافێرکـراوم.

عومـەر عەلـی: بـەڵام ئێسـتە تـۆ گەورەیـت تەمەنـت ٤٠ سـاڵە، نابێـت خـۆت بیربکەیتـەوە؟

بوزی: بیردەکەمەوە...

مەعبـەد نـی یـە نەڕۆشـتبم و نەمدواندبـن لەسـەر ناسـینی خـوا، زیاتـر لـە ١٠٠ قەومـی جیـاوازم دیـوەو حیـوارم لەگـەڵ زۆریـدا کـردوە، ئەوانـەی کـە بـت دەپەرسـتن یـان دەیکـەن بـە شـەریکی خـوا وەڵامـی دروسـتیان پـێ نـی یـە، دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕاهاتـن لەسـەری، لەگـەڵ ئەوەشـدا نایانەوێـت دەسـتبەرداری ببـن، هەتـا زۆر لەوانـە بـە بازرگانـی کـراوە، بـۆ نمونـە هـەر

بۆنـەی کرسـمس لـە ئەوروپـا ئەوەنـدەی بۆنەیەکـی بازرگانیـە، سـەدجار دابەشـی بکـە، بەشـێکی ئاینـی نـی یـە.
ئەوانەشـی کـە دینیـان هـەر نـی یـەو خۆیـان بەبـێ بـاوەڕ ناودەبـەن، یـەك تـۆز بیاندوێنیـت شـتێك لـە ناخیانـدا هەیـە کـە کردویانـە بەخـوا، پیرۆزیـان کـردوە، تەبەروکـی پێـوە دەکـەن، هەیـە زۆر بچـوك و لاوازە وەك منـداڵ، بـەڵام باوکەکـەی دەیپەرسـتێت، سـوێندی پـێ دەخـوات لـە ئەوروپـا، دواتـر کـە تەمەنـی گەشـتە ١٦ سـاڵ، خواکـەی هەڵدێـت و کـوڕم دەوێـت بیدۆزێتـەوە! دواتـر هـەر ئـەم باوکـە کـە منداڵەکـەی دەپەرسـت لـە شـوقەیەکدا بـە تەنهـا دەمرێـت، دوای ماوەیەکیـش پێـی دەزانـن، ئەسـڵەن خواکـەی کـەس نازانێـت لـە کوێیـە!
هەیـە ئافرەتێـك دەپەرسـتێت و لـە پێناویـدا سـڵ لـە هیـچ ناکاتـەوە، بەشـێوەیەك قـوڵ دەبێتـەوە تێیـدا خـۆی بـە تـەواوی ون دەبێـت، دواتـر کـە توشـی کێشـەیەك دەبـن، وا توشـی سـەدمە دەبێـت لـە داخـی خواکـەی خـۆی دەکوژێـت.
بینومـە پـارەو ئیشـەکەی ڕێـك بوەتـە خـوای، لـە پێناویـدا هـەژاری چـی! حسـاب بـۆ هیـچ نـاکات، کـە توشـی زیانێـك دەبێـت و خواکـەی لە دەسـتی دەچێـت، خـۆی دەکات بـە ژێـر قیتارێکـەوە.
هەیـە وەهمێکـی کـردوە بـە خـوا، ئەسـڵەن خۆشـی پێناسـەی بـۆی نـی یـە، بەشـێوەیەك ڕەنگـی بـزڕکاوە ئەوەنـدەی بـە جەسـتە مرۆڤـە بـە ڕەنگـی حەقیقـی مـرۆڤ نـی یـە!

لـە سـورەتی الأنعـام ئایەتـی ٧٤ بـۆ ٧٩ لـە زمانـی ئیبراهیمـەوە سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت فێرمـان دەکات کـە چـۆن خـوا بدۆزینـەوە.
کـە منداڵ بـوم شـوانیم دەکـرد، باوکـم رۆژێـك وتـی کـورم زوو ئاژەڵەکـە مەهێنـەرەوە، سـەیر بکـە کـە خـۆر ئاوابـو ئەوسـا بیـان هێنـەرەوە، بـا حەیوانـەکان تێـر بخـۆن، چـون مەسـولیاتی لەسـەر ئێمەیـە، بـاش تێریـان بکەیـن، منیـش لەسـەر بەردێـك دانیشـتم و سـەیری خـۆرم دەکـرد، بەشێوەیەك لەگـەڵ خـۆر تێکـەڵ ببـوم، لەگـەڵ دابەزینەکانیـدا بـۆ ئاوابون منیـش لەگەڵیـدا ورده ورده دەڕۆشـتمە خـوار، هـەر ئەوەنـدەم زانـی خـۆر تـەواو ون بـوا! زۆر سـەرم سـوڕما ئـەو خـۆره گـەوره، کـە پێشـتر کڵاوەکـەم تـەڕ دەکـرد بـۆ ئـەوەی گەرمـام نەبێـت، کەچـی ئێسـتە نەمـا، رۆشـتە قوتـا لەبەرچـاوم، زهنمـی بەتـەواوی بـۆلای خـۆی بـرد، بیـرم لـێ دەکـردەوە، شـەو باوکـم وتـی لای حەیوانـەکان لەسـەر قەرەوێڵـە بخـەوە، تەنهـا بـوم، سـەیری ئاسـمانم دەکـرد، مانگـم بینـی ئەسـتێرەی زۆر جـوان بەدەوریدابـون، هەمـوی پێناسـەی خالقێکـی بـۆ دەکـردم، نەمدەزانـی ناوی بنێـم چـی! کـە سـبەی رۆشـتمەوە بـۆ لای حەیوانـەکان دیـم خـۆر دیسـان لـەو سـەرەوە هەڵهاتـەوە، ئەوەنـده خالقـم لـە ناخـدا گـەوره بـو، تـا ئێسـتە هیـچ شـتێك نەیتوانیـوە کاریگەریـم لەسـەر دروسـت بـکات ئـەو خالقـەم لا بسـڕێتەوە.
ئێمـە زۆر بـێ زەمیـرن، بـۆ سـەلماندنی خۆمـان بەرانبـەر دەسـڕینەوە، بـۆ ئـەوەی بیسـەلمێنین کـە ئێمـەش هەیـن نەفـی بەرانبـەر دەکەیـن، مامۆسـتا رقـی لـە مامۆسـتایە، دکتـۆر رقـی لـە دکتـۆره، دوکانـدار رقـی لـە دوکانـداره، زۆر سـەیره هەمـو چینـەکان دژی هەمـان چینـی هەتـا بەرانبـەر خۆیەتـی، تـا گەشـتوەتە ئـەو رادەی بـۆ سـەلماندنی بونـی خـۆی بونـی خـوا رەد دەکاتـەوە، لـە کاتێکـدا پێچەوانەکـەی راسـتە، تـۆ بـۆ ئـەوەی بونـی

خـۆت بسـەلمێنیت دەبێت بـاوەڕ بەخـوا بکەیـت، بـۆ ئـەوەی بیسـەلمێنتی کـە تـۆش مامۆسـتایت دەبێـت بـڕوا بـە مامۆسـتا بکەیـت، بـۆ ئـەوەی بیسـەلمێنیت کـە تـۆ دوکانداریـت دوکانـی تریـش هەیـە سـەرچاوەیە.
لـە کوردەواریـدا دەڵـێ کەسـێك کـە خەوتوبێـت بانگـی بکەیـت خەبـەری دەبێتـەوە، بـەڵام ئەگـەر بـە درۆوە خـۆی کردبێـت بـە خەوتـوو! سـەدان جـار بانگـی بکەیـت خەبـەری نابێتـەوە!

ئـەو چیـژو خۆشـیەش لـە ناخـی مرۆڤـدا هەیـە بـۆ ناسـینی خـوا، گـەر مـرۆڤ بـە ویژدانـەوە دانـی پێـدا بنێـت و مومارەسـەی بـکات خۆشـترین چێـژە، لـە وەرگرتنـی چێـژدا بـۆ خۆشـیەکان بەشـێك لـە جەسـتە بەشـدار دەبیـت تێیـدا، بـۆ نمونـە خواردنێکـی خـۆش دەخـۆت، گـەدەت هەسـت بـە ئارامیـەك دەکات و لێـت رازیـە! بـەڵام ئـەوەش هـەر سنوری هەیـە زیـاد لـە پێویسـتت خـوارد هـەر ئـەو خۆشـیە دەبێتـە ناخۆشـی.

جیهـاز هەیـە ١ پاوەنـدی تێدەکەیـت و لەسـەری دادەنیشـیت ٣ دەقـە پشـت دەشـێلێت، هەسـت بـە ئارامیـەك دەکەیـت، جـارێ وا هەیـە دەڵێـی بـا ١ پاوەنـدی تریشـی تـێ بکـەم ٣ دەقـەی تـر پشـتم بشـێلێت، پشـتت لـەزەت لـەو شـێلانە دەبـات.

هـەر خۆشـیەکی تـر بـەو شـێوەیە، تەنهـا ناسـین و ئیمـان نەبێـت زۆر جیـاوازە، گـەر بـە راسـتی تامـی بکەیـت هەرگیـز تێـری لـێ ناخـۆت، تـا قـوڵ ببیتـەوە تێیـدا چێژەکـە زیاتـر دەبێـت، تەنهـا کاتانێـك هەسـت بـەو چێـژە ناکەیـت کـە تـاوان دەکەیـت!

بۆیـە مرۆڤـی تەندروسـت کـە تاوانـی کـرد هەسـت بـە نائارامـی دەکات، چـون ئیمانەکـە غائیـب بـوە لـەو کاتـەدا، مـن چ کاتێـك ئالەمـە تێگەشـتم کـە ئـەو فەرمـودەم دی کـە دەفەرموێـت: قـال رسـول الله صلـی الله علیـە وسـلم: لا یزنـي الزانـي حیـن یزنـي وهـو مؤمـن، ولا یسـرق السـارق حیـن یسـرق وهـو مؤمـن، ولایشـرب الخمـر حیـن یشـربها وهـو مؤمـن.

لـە کاتـی زینـاو مەشـروب خـواردن و دزیـدا ئیمـان نامێنێـت، چـون ئـەو سیفەتانە لەگـەڵ خواناسـی و ئیمانـدا یـەك ناگرێتـەوە، کە ئەوانـە تێکەڵت بـو، ئیمـان دەردەچیـت لـە ناخـت.

کـە تەوبـە دەکەیـت، یـان اسـتغفار دەکەیـت دوای تـاوان هەسـت بـە چێژێکـی تایبەتـی دەکەیـت، ئـەو چێـژە ڕێـك ئیمانـە، ڕێـك هاوتەریبـە لەگـەڵ خواناسـیدا، بـۆ مـن دەڵێـم کـە ئێسـتە تـۆ بـێ تاقەتیـت حەتمـەن نەقصـی ڤیتامیـن ئیمانـە، مـەرۆ بـۆلای دکتـۆری فیزکـی، مـن دکتـۆری ئـەم شـتانەم، دەسـت نوێـژ بشـۆ، دوو رکات نوێـژ بکـە، کـە سـەرت خسـتە سـەر زەوی، هەرچـی رازو نیـازت هەیـە هەمـوی بڵـێ، هیـچ لـە دڵتـا مەهێڵـە، دواتـر هەسـت بـە ئارامیەکـی تـەواو دەکەیـت، ئارامیـەك نـەك وەك ئـەو ئارامیـەی بچینـە سـەر تەلفریکێـك و بـۆ سـاتێك لـە بەرزاییەکانـەوە نزماییـەکان ببینـی، ڕێـك هەسـت دەکەیـت تـۆ خـۆت فڕیویـت! دواتـر هەسـت بـە بونـی راسـتی خـۆت دەکەیـت، دواتـر ئەسـڵەن سوپاسـی خـوا دەکەیـت لـەوەی ئـەم نوێـژە بـە بـەلاش بـوو، ئاخـر عەزیـزان، زۆر موهیمـە لەبەرانبـەر نوێـژدا پارەمـان لـێ وەرناگیرێـت، ئەسـڵەن بەبـڕوای مـن دەبوایـە بەپێـی رکات پارەمـان بدایـە، ئـەی ئـەوە نـی یـە ئامیرەکانـی خۆشـبەختی بـە دەقـە پارەمـان لـێ وەردەگـرن، تـۆ بـڕۆ بـۆ چاقـی لانـد کاردێکـت پـێ دەدەن بـە پێـی بەلانسـەکە دەبیـت سـواری ئامێـرەکان بیـت، ئەسـڵەن واللەی سـواری دانەیەکیـان بـوم خەریـك بـو بشرشـێمەوە،

ئەمە بۆ ساتێك ئارامی، ئێ ئەو ئارامیە لە كوێ كە تەنها جەستە تێیدا بەژدارە لەگەڵ ئەو ئارامیەی رۆحت دەگات بە پلەیەك دەبێت فعلەن بیچێژیت تا لەم دەقانەی من تێبگەیت، رێك وەك مەلە وایە، بە نوسین هەرگیز فێری مەلە نابیت، دەبێت بە كرداری مومارەسەی بكەیت.

ئەم باسو خواستانەمان هەمووی لەگەڵ ئەو ئینگلیزەدا كرد ناوی نیك بو، مسوڵمان بو، دواتر ناوی خۆشی گۆڕی بۆ عبدالله، ئەوەندە تێكەڵ بوین، جلی كوردی دەكردە بەر، جامانەیەكی بەردەوام لە ملدا بو، ریشێكی سوری تەنكی جوانی هێشتبویەوە، كڵاوێكی سپی لەسەر دەكرد زۆرجار.
لەبیرم ناچێت توێژینەوەیەكی نوسی لەسەر دۆزینەوەو ناسینی خوای گەورە، زۆر ئاسودەبو، دەیگوت من چەندین خوایان پێ ناساندبوم پێشتر هەمووی ناوی خوا بو، بەڵام هچی خوا نەبو، زۆر شوكرانەبژێرم ئێستە خوای راستیم دۆزیەوە، لە توێژنەوەكەدا نوسی بوی ئەوەی بیناسێت خۆشی دەوێت، چۆن خۆشی نەوێت، تۆ سەیر تەنها یەك سیفەتی خوا كە چەند گرنگە، كابرا باوەڕیشی پێی نی یە یەكسەر نایكوژێت، هەمو رۆژ كوفری خواو كوفری نیعمەتەكانی دەكات ئەو ئەوەندە میهرەبانە بۆ یەك دەقەش هەناسەی لێ ناگرێتەوە، تۆ سەیر خوا چەند موهیمە، تاوانیش دەكەیت هەر مۆڵەتت پێ دەدات، تەحەداشی دەكەیت دەڵێی خوای چی و پێغەمبەری چی و قورئانی چی! كەچی ئەو هەر یارمەتی دەریشتە لە دەربڕینی ئەو وشانەش كە دژی ئەو دەری دەبڕی، تۆ سەیر چەند عەزیمە خوا قورئانەكەشی دەسوتێنیت هەر بێ دڵیت ناكات و ئاگرەكە لاپەڕەكانیش دەسوتێنێت،

خۆ خـوای گـەورە دەتوانێـت ئـەو ئاگـرە وا لـێ بـكات نەیسـوتێنێت، وەك چـۆن ئیبراهمـی نەسـوتاند، بـەڵام لێدەگەڕێـت تـا بیسـوتێنیت، بەڵكو دوای ئـەوە هـەر بتبینێـت كـە چ دەكەیـت، هەبـوە دوای سـوتاندنەكە مسـوڵمان بـوە، هەیـە لـە ناخیـدا ئـەم راسـتیانە هەیـە بـەڵام ئەوەنـدە ستەمكارە لـە خـودی خـۆی ئـەم راسـتیانە دەشـارێتەوە، لـە باسـی فیرعەونـدا خـوای گـەورە دەفەرمویـت: (وَجَحَـدُوا بِهَـا وَاسْـتَيْقَنَتْهَا أَنفُسُـهُمْ ظُلْمًـا وَعُلُـوًّا) النمـل ١٤

تـۆ سـەیری هەرچـی دەكەیـت هەمـوی پێناسـەی خـوا دەكات، هەیـە ئەوەنـدە سـەر سـەختە كـە ناتوانێـت سـەیری خـۆر كـە دروسـتكراوێكی خوایـە بـكات دەڵـی بـۆ خـوا نابینرێـت.

عبـدالله رۆژێـك هـات بـۆلام وتـی: شـێخ نامەیەكـی فەرمیـم دەوێـت كـە مـن مسـوڵمانم!

وتـم: عبـدالله گیـان نامـەی ناوێـت تـۆ مسـوڵمانیت و تـەواو، خـۆ بـە نامـە نـی یـە ،هەیـە بـە جنسیەش مسـوڵمانە بـەڵام مسـوڵمانیش نـی یـە، ئیمـان و ناسـینی خـوا كتابـی ناوێـت خـوای گـەورە خـۆی دەزانێـت.

وتـی: نـا دەچـم بـۆ كوردسـتان و دەمەوێـت هـەر لـەوێ ژنیـش بهێنـم، تـا كتابێكـم پـێ بێـت لەلایـەن ئیمامێكـی موعتەریفـەوە نـەوەك گومانـم لـێ بكـەن، منیـش كتابێكـی جوانـم بـۆ نوسـی و شـڵپ مـۆری مزگەوتـم لیـداو ئیمـزاو ژمـارەی خـۆم خسـتە سـەری، دوای ماوەیـەك تەلەفۆنێكـم بـۆ هـات لـە قەڵادزیـەوە، سـەلام و عەلەیـك عەلەیكـە سـەلام، كاكـە شـتێكی واو كابـرا بـەم شـێوە تـۆ دەیناسـیت، بەڵـێ ئـەوە نـاوی نیـك بـوو ئێسـتە نـاوی عبـدالله یـەو ماوەیەكـی زۆرە مسـوڵمان بـوەو لەگـەڵ ئێمـەدا نوێـژی جەماعـەت دەكات زاهیـری نـەك هـەر ئیسـلام بەڵكـو كوردیشـی زۆر خۆش

دەوێـت و جلـی کوردیـش لەبـەر دەکات.
پێشـتر پێشـم وت، مسـتەر نیکـی جـاران و کاکـە عبـدالله ی ئێسـتە، ئێمـە میللەتێکـی زۆر کەلـە رەقیـن، لەگـەڵ ئـەوەش کـە مسوڵمانیشـین زۆرجـار رێنومایيـە ئیسـلامیەکان پەیـڕەو ناکـەی، بـۆ نمونـە لـە مەسـەلەی زەواجدا ئەسـڵ ئەوەیـە کەسـێك داوای کچـی کـرد، دیـن و ئەخلاقـی تێـدا بـو ئیتـر تـەواو، هـەر ئـەو دوو مەرجـەی بـۆ دانـراوە لـە دینـدا، بـەڵام ئێمـە وانیـن، هـەزار مەرجـی تـری بـۆ دادەنێـن، تـا وای لـێ هاتـوە ماڵـی وامـان هەیـە لـە کوردسـتاندا ٧ کچـی تێدایـەو ماوەتـەوە هێشـتا بڕبەنـدی لـێ بدەیـت لـە مەرجەکانـی خـۆ نایەتـە خـوارەوە.
بـە تایبـەت قەڵادزیـەو میراودەلیـەکان زۆر سـەختگیرن لەگـەڵ بادینیەکانـدا، مـن هەردولایانـم زۆر زۆر خـۆش دەوێـت، چـاك دەیـان ناسـم کـە چەنـد بـە ئەخـلاق و پابەنـدو سیفەتی یەکجـار بـەرزو جوانیـان تێدایـە بـەڵام بـۆ زەواج هـەر سـەختگیرن، کـە مـن لـە کۆنـەوە تێکەڵیانـم ئنجـا دوای سـاڵانێکی تولانـی کابرایەکـی میراودەلـی پێـی وتـم ئەگـەر تـۆم پێشـتر بـەم شـێوە بناسـیایە ژنـم پـێ دەدایـت.
عبـدالله دوای چەندیـن سـاڵ رۆژێـك لـە خەسـتەخانەبوم لـە بێرمینگهـام، گوێـم لـە دەنگێـك بـو هـاوار دەکـرد شـێخ شـێخ، کـەلام کـردەوە سـەیر دەکـەم عبـدالله یـە، بەهەمـان شـکڵی جارانـەوە، باوەشـی پێداکـردم و هەندێـك بـاس و خواسـتی ئیمانیمـان کـرد، ئـەو ئیمـان لـە دڵیـدا جێگیـر بـو، بـەڵام پێـم وانەبـو ژنەکـەی هێنابێـت، چـون لەبیـرم چـو پرسـیاری لـێ بکـەم، وە خۆشـی هیچـی نـەوت، چـون تامـی ئیمانمـان پێکـەوە کردبـو، کـە دەگەشـتین بەیـەك، هیچـی ترمـان لەبیـر نەدەمـا.

کە منداڵ بوم تۆپێنمان دەکرد، من ناوی خۆم نابو مارادۆنا، پێڵاوێکی لاسیکی مارادۆنام لەپێ دەکرد، کە هاواریان دەکرد مارادۆنا، من هەر ئەوەندە نەبو باڵ بگرمەوە لە خۆشیدا، هەر وام دەزانی بە راستی مارادۆنام، رۆژێك درەنگ لە یاری گەڕامەوە زۆر بەدوامدا گەڕابون، پرسیاریان زۆر کردبو، کوڕێکی بچوك و خڕەڵە لەم شیوە ون بوە، سەرزلێکی سور، هیلاك بون بەگەڕان بەدوامدا، کە گەڕامەوە تێریان تێهەڵدام، وتیان تۆ چیت وا ئاوا درەنگ دێیتەوە؟ منیش وتم من مارادۆنام! یەك چەپۆکی تریان پیاکێشام، وتیان بە درەنگ هاتنەوەکە کەم بو! ئەم دەمدرێژیەشی هاتە پاڵ.

زۆرکەس هەیە خۆی لێ دەبیت بەشت، تەنها لە خۆیدا وایە کە شتە، گەرنا لە بنەڕەتدا وەهمێکە، وەك من و مارادۆنا.

منداڵ کە سەیارەیەکی بچوکی بۆ دەکڕیت، پێی دەڵێت سەیارە، لە خۆشیا هەر سەیارەیەو راستیشە، یاری پێ دەکاتو دڵیشی پێ خۆش دەکات.

زۆر گەورە دەبینم شتی منداڵانەی کردوە بە خوا، لە خۆیدا خوایە گەرنا هەروەك ئەو یاریە منداڵانەیە، حەیف هەندێك کەس جسمی گەورە دەبیت، بەڵام ئەقڵی لە جێگەی خۆیدایە، رێک لەو کاتەی کە سەیارەی منداڵانەی لێ دەخوڕی و بە دەنگی بەرز هۆڕینی لێ دەداو دەیگوت:حححححان، دییییییید دید، فڕڕڕن، خۆتان لادەن.

بیەکە خاتری خوا مەمانکە بە ژێرەوە!.

ناسینی خواو جێگیری ئیمان لە دڵداو پابەندی بە ڕێنوماییە قورئانیەکان گەورەترین مەشروعە، کە مرۆڤ بە هەند وەری بگریت، باقی شتەکانی تر باپیرم دەیگوت: کلکێکی پیا هەڵسپێرەو هەموی فشەیە ئەوە نەبێت.

ڕەحمـەت لـە گـۆڕی باپیـرم حاجـی کـەرەم وەیـس. لەبیـرم ناچێـت دەیگـوت نانـی گەنـم و دینـی محمـد.

ناسینی خواو جێگیری ئیمان لە دڵداو
پابەندی بە ڕێنوماییە قورئانیەکان
گەورەترین مەشروعە، کە مرۆڤ بە هەند
وەری بگریت، باقی شتەکانی تر باپیرم
دەیگوت: کلکێکی پیا هەڵسپێرەو هەموی
فشەیە ئەوە نەبێت.
رەحمەت لە گۆڕی باپیرم حاجی کەرەم
وەیس. لەبیرم ناچێت دەیگوت نانی
گەنم و دینی محمد.



# مسوڵمان بونی ئینگلیزێک و ڕۆشتنی بۆ قەڵادزێ

د.عومەر عەلی
٢٠١٩

ISBN 978-168454167-6
9 781684 541676